زانكۆی سەلاحەدین
Salahaddin University

# مێژوو و چالاکی تیپە موزیکییەکانی ڕانیە

# لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تاکو ٢٠١٤

پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە ئەنجومەنی بەشی موزیک لە کۆلیژ هونەرە جوانەکانی

زانکۆی سەڵاحەدین کراوە.


توێژەر

**شانۆ مسعود خضر**

بە سەرپەرشتی

**م.ی. هەژار احمد مصطفی**


ئایار 2023

## له کتێبی یارسان

خودا فەرمانی بە بنیامین کرد کە ڕۆح بەبەر ئادەمدا بکات، بنیامینیش ئاوازی ڕاستی بۆ ڕۆح ژەنی، بەم جۆرە ڕۆح چووە جەستەی ئادەمیزادەوە.

(نامەی سەرەنجام، کتێبی یارسان)

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوە بە ناونیشـــانی (مێژوو و چالاکی تیپە موزیکییەکانی ڕانیە لە نێوان ســـالانی (١٩٩١ تاکو ٢٠١٤) لە زانکۆی ســــەلاحەدین/ کۆلێژی هونەرە جوانەکان – بەشـــی موزیک، بە مەبەســـتی وەرگرتنی بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس لە زانســـتەکـانی موزیـک لە ژێر چـاودێری و سەرپەرشتی مندا ئەنجام دراوە. بۆیە لە خوارەوە واژووم کرد.

سەرپەرشتیار

م.ی. هەژار أحمد مصطفى

## پێشکەشە بە:

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:**

1. دایک و باوکی خۆشەویستم کەمنیان پێگەیاند.
2. سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم مامۆستا (هەژار أحمد مصطفی).
3. هەموو ئەو ئازیز و خۆشەویستانەی کە لە سەرخستنی ئەم توێژینەوە هاوکارم بوون.
4. سەرجەم مامۆستایان و قوتابیانی بەشی موزیک لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین.
5. قوتابییانی بەشی موزیک لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان.
6. کۆمەڵگاکەمان بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە موزیک و مێژووی گروپ و تیپە موزیکییەکان لە شاری ڕانیە.
7. سەرجەم ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە.

## سوپاس و پێزانین

**توێژەر بەپێویســـــتی زانی ســـــوپاس و پێزانینی خۆی ئاراســـــتەی ئەم کەس و لایەنانەی خوارەوە بکات.**

1. مامۆستای سەرپەرشتیار (هەژار أحمد مصطفی) کە لەهەموو هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوکار بوو.
2. سەرجەم ئەو بەرێزانەی کە بەشداریان لە چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوەیەدا کرد.
3. هونەرمەند و هاوڕێ و هاوپۆلەکانم کە یارمەتی دەربوون لە پێدانی زانیاری سودبەخش بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم توێژینەوەیە.

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانەکەی پێکهاتووە لە (مێژوو و چالاکی تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانیە لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ تاکو ٢٠١٤) جەخت لە خستنەڕوو و ناساندنی بزافی هونەری لەشاری ڕانیە دەکات، ڕۆڵی هونەرمەندانی شارەکە لە نێو دونیای هونەری شارەکە دەخاتەڕوو و گرنگتیرین تیپە هونەرییەکانی شاری ڕانیە دەناسێنێت.

توێژینەوەکە لە ڕووی پێکهاتەوە، جگە لە لاپەڕە بەراییەکان لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم** بریتییە لە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکە وەک پێشەکی، کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، شێوازی توێژینەوە، سنورەکانی توێژینەوە.

**بەشـــی دووەمی** توێژینەوەکە بریتیە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، لە چوارچێوەی دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا مێژووی موزیک لە کوردســتاندا خراوەتەڕوو، هەروەها تەوەری دووەمدا مێژووی موزیک و گۆرانی شـــاری ڕانیە لە چوارچێوەی ســێ باســدا خراوەتەڕوو، کە مێژووەکە بۆ سێ قۆناغ دابەشکراوە، باسی یەکەم بریتیە لە مێژووی موزیک لە ڕانیە بەر لە ساڵی (١٩٩١) زاینی. باســـی دووەم بریتیە لە مێژووی موزیک لە ڕانیە لەنێوان ســـاڵانی(١٩٩١ –٢٠٠٠) زاینی. باسی سێیەم بریتیە لە مێژووی موزیک لە ڕانیە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٤) زاینی.

**بەشی سێیەم** بریتییە لە شیکردنەوەی نموونەکان.

**بەشی چوارەم** بریتییە لە دەرئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان.

## پێرست:


له کتێبی یارسان ........ I

بڕیاری سەرپەرشتیار ........ II

پێشکەشه به: ........ III

سوپاس و پێزانین ........ IV

پوختەی توێژینەوه ........ V

پێرست: ........ 1

پێشەکی ........ 3

بەشی یەکەم ........ 5

کێشەی توێژینەوه ........ 5

گرنگی توێژینەوه ........ 5

ئامانجی توێژینەوه ........ 6

شێوازی توێژینەوه ........ 6

سنورەکانی توێژینەوه ........ 6

سنوری بابەتی ........ 6

میتۆدی توێژینەوه ........ 7

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان ........ 7

کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوه ........ 7

بەشی دووەم ........ 9

باسی یەکەم: هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکه ........ 9

باسی دووەم: مێژووی موزیک له ڕانیه لەنێوان ساڵانی(١٩٩١ – ٢٠٠٠)ز ........ 10

باسی سێیەم: مێژووی موزیک له ڕانیه له نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠١٤)ز ........ 18

بەشی سێیەم ........ 25

باسی یەکەم: مێژووی موزیک لە شاری ڕانیە ........................................ 25
باسی دووەم: ڕۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە ................................ 29
باسی سێیەم: ڕۆڵ وبەشداری ئافرەتان لە هونەری موزیکی ڕانیەدا (گروپی موزیکی کچانی ڕانیە) ........................................ 30
باسی چوارەم: بەرهەمەکانیان ........................................ 32
بەشی چوارەم ........................................ 38
دەرئەنجام ........................................ 38
ڕاسپاردە ........................................ 39
لیستی سەرچاوەکان ........................................ 40
چاوپێکەوتنەکان ........................................ 41

# پێشەکی

گومان لەوەدا نیە کەهەر گەل و نەتەوەیەک خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی لە هەموو بوارەکاندا، موزیکیش یەکێکە لەو بوارانەی کە خاوەن مێژوویەکی کۆنە. لەناو ئەو مێژووەدا، گەلی کوردیش مێژووی موزیکی تایبەت بەخۆی هەیە.

موزیک یەکێکە لە هونەرە جوانەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەستی بیستنەوە هەیە، بە جیاواز لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی وەک شێوەکاری و سینەما و شانۆ کە زیاتر پەیوەستن بە هەستی بینین. بێجگە لەوەش، موزیک زمانێکی گشتی جیهانییە، زانستێکە وەکو هەر زانستێکی دیکەی سەر زەمین پێویستی بە بەهرە و لێهاتوویی کەسەکانەوە هەیە. جوانترین هەستی دەربڕینی مرۆڤە، چونکە زۆر لە زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی پێیان وایە، نە موزیک بێ مرۆڤ بوونی هەیە و نە مرۆڤیش بێ موزیک دەژی.

لەڕاستیدا، ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی کە دۆستایەتی زۆری لەگەڵ هونەری موزیک و گۆرانییدا هەیە و چەندین کەسایەتی لەو بوارەدا تیایدا پێگەشتوون و جێ پەنجەیان دیارە، بۆیە لە پێناو گەیاندنی پەیامەکانیان گەلێک تیپ و گروپ و کۆمەڵەی تایبەت بە موزیک و گۆرانییان لەشارەکە دامەزراندوە و بەردەوام چالاکی هونەرییان تێدا پێشکەش کردووە.

توێژەر لە پێناو دەرخستنی ئەم جێ پەنجانە و خستنەڕووی ڕۆڵی تییە هونەرییەکانی شارەکە، هەڵسا بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ لێکۆڵینەوە و نوسینەوەی مێژووی گرووپ و تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانیە و خستنەڕووی چالاکییەکانییان. لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠١٤)ز، هۆکاری هەڵبژاردن و خستنەبەر ڕۆشنایی ئەم ماوە دیاریکراوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قۆناغی نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و حوکمڕانی کوردییە، ساڵی ٢٠١٤ کۆتایی ماوەی توێژینەوەکەیە، بەهۆی دروستبوونی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، کار و چالاکی زۆربەی تیپە موزیکییەکان وەستا.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی بابەتی توێژینەوە

## کێشەی توێژینەوە

## گرنگی توێژینەوە

## ئامانجی توێژینەوە

## شێوازی توێژینەوە

## سنورەکانی توێژینەوە

## بەشی یەکەم

## کێشەی توێژینەوە

1. فەرامۆشی مێژووی تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانیە و نادیاری کار و چالاکییەکانییان بەهۆی دوری هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە.
2. بەردەست نەبوونی نۆتەی بەرهەمەکانیان، پەرتەوازەیی و نادیاری شێوە ستاندارتی نۆتەی بەشێک لە بەرهەمەکان.
3. نەبوونی سەرچاوەی پێویست لە بەر دەستی توێژەراندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کە کەمترین کتێب و سەرچاوەی نوسراو دەربارەی ڕەوشی هونەری ئەم ناوچەیە بەردەستە، هەروەها کۆمەڵێک لە موزیک ژەن و هونەرمەندانی شارەکە لە ژیاندا نەماون.

هەموو تویژینەوەیەکی ئەکادیمی بۆ خستنە ڕووی گرفت و چارەسەر کردنیانە، یان گەڕانە بە دوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا.

## گرنگی توێژینەوە

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

1. بۆ یەکەم جارە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لێکۆڵینەوە لە بەرهەم و چالاکییەکانی شاری ڕانیە بکرێت و ڕۆڵ و پێگە و کاریگەری ئەو کەسانەی لەم شارەدا لە بواری هونەری گۆرانی و موزیکدا کاریان کردووە و جێ پەنجەیان دیار بووە دەردەخات و لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین کاروچالاکییەکانیان بە زیندووی بهێڵینەوە. دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی گرنگ بۆ ئەو توێژەرانەی کە دەیانەوێت بە توێژینەوەی دیکە گرنگی بە فەرهەنگ و مێژووی شارەکە بدەن.
2. تا ڕادەیەکی باش میژووی پەرت و بڵاوی گروپمەکانی ڕانیە بە پێی تەمەن و کاتی دروست بوونیان کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە لە چوار چێوەی ئەو توێژینەوەیەدا.
3. ئەو توێژینەوەیە جێگای کۆمەڵێک پەرتووک و نوسراوی گرتۆتەوەو، توانیویەتی لە بری پەرتوک و بڵاوکراوەکان مێژوویەکی تارادەیەک دروست بنوسێتەوە.

## ئامانجی توێژینەوە

بێگومان هەموو توێژینەوەیەک لە پێناو چەند ئامانجێک ئەنجام دەدرێت لەم چوارچێوەیەدا گرنگترین ئامانجەکانی ئەم هەوڵە لەم ئامانجانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

١- ناساندنی مێژووی چالاکی تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانییە و دەرخستنی ڕۆڵی هونەرمەندە دیارەکانی شارەکە لە ماوەی نێوان (١٩٩١-٢٠١٤).

٢- خستنەڕووی ئەو دۆخە ناخۆش و نەخوازراوەی بەردەم گروپ و تیپە موزیکیەکانی شارەکە و گەیاندنی ئەم مێژووە بە توێژەران و خوێنەران بە شێوەیەکی بابەتی و ئەکادیمی و زانستی.

٣- نوسینەوە و بە نۆتەکردنی بەشێک لە گۆرانییەکانی ناوچەکە.

## شێوازی توێژینەوە

بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی و وەصفی بەستووە، چونکە توێژینەوەی زانستی و سەرچاوەی نوسراو دەربارەی گرووپ و تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانییە بەردەست نییە، بۆیە پشتمان بەستووە بە میتۆدی زارەکی و گەڕانی مەیدانی بۆ گێڕانەوەی مێژووی کار و چالاکییەکانی گروپ و تیپە موزیکیەکانی شارەکە.

## سنورەکانی توێژینەوە

- **سنوری مێژوویی:**

مێژووی تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانییە دەگرێتەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠١٤

- **سنوری جوگرافی:**

لە ڕووی جوگرافیاوە شاری ڕانییە دەگرێتەوە

## سنوری بابەتی

سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مێژووی چالاکی تیپە موزیکییەکانی شاری ڕانییە و دەرخستنی ڕۆڵی هونەرمەندە دیارەکانی شارەکە لە ماوەی نێوان (١٩٩٠-٢٠١٤).

## میتۆدی توێژینەوە

بەهۆی کەمی سەرچاوەی نوسراو لەسەر مێژووی چالاکی و ڕەوتی هونەری شارەکە و تیپەکانی، لە ڕێکارەکانی توێژینەوە پشت بە گەڕانی مەیدانی و چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ شارەزایان و دیمانە میدیاییەکان و بڵاوکراوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەستراوە. هەروەها لایەنی تیۆری و چەمک و پێناسەکان پشت بە گەلێک پەرتووک و سەرچاوەی نوسراو بە زمانی جیاواز بەستراوە.

## ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

بێگومان بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و ڕیکۆردکردنی دەنگی شارەزایان، توێژەر پشتی بە گەلێک ئامراز بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەستووە، وەک یوتوب، فەیسبوک، کاسێت، سی دی و نۆتە دەستنوسەکان. هەروەها لە پێناو دەستکەوتنی زانیاریەکان سوود لە ئامێری مۆبایل و ڕیکۆردەر وەرگیراوە بۆ پەیوەندی کردن و تۆمارکردنی دەنگی شارەزایان و هونەرمەندان، چونکە بەشێک لە پسپۆران و ئەو هونەرمەندانەی کە لەم تیپانەدا لە ڕابردوو بەشێوەی مەیدانی کاریان کردووە، یان لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا یان لە دەرەوەی وڵات دەژین و گەیشتن پێیان ئاسان نەبوو.

توێژەر دوای وەرگرتنی ڕای ئەم پسپۆڕانە و وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕێگەی ڕیکۆرد و چاوپێکەوتنەکان وەک باسمان کرد، هەڵسا بە پاکتاوکردن و هەڵبژاردنی بیروڕا ڕاست و گونجاوەکان و پشتگوێخستنی بیروڕا نەگونجاوەکان و لێکدانەوەیان لەگەڵ یەکدی و دواجار نوسینەوەی بیروڕا ڕاستەکان لە سەر بابەتی ناوبراو.

## کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگای کوردستانی دەگرێتەوە، بە تایبەت شاری ڕانیە، بەرهەمە گۆرانی و موزیکییەکانی تیپەکانی لە ماوەی نێوانساڵی (١٩٩١-٢٠١٤).

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

## باسی دووەم

## مێژووی موزیک لە ڕانیە لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ـ٢٠٠٠)زاینی

## باسی سێیەم

## مێژووی موزیک لە ڕانیە لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠١٤)زاینی

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم: هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

ئاشکرایە کەوا بە درێژایی مێژووی گەلانی جیهان هونەر پێگەیەکی گرنگی لەسەرجەم کایە کلتووریەکاندا گێڕاوە، لە نێو کایەکانی کلتووریدا هونەری موزیک هونەرێکی دیاری نێو گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی سەرجەم شارستانیەکان بووە، بەهەمان شێوە نەتەوەی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا هەروەکو گەلانی دی خاوەن مێژوو و شارستانیی و کلتووری تایبەت بە خۆیەتی، بەتایبەتی موزیک پێگەیەکی دیاری لە بۆنە و بابەتە کلتووری و نەتەوەییەکاند گێڕاوە.

موزیک وەک ئامرازێک بۆجۆشدانی شۆرش و بەرەنگاربوونەوە بەکارهاتوە یان بە مەبەستی خزمەتکردنی بیروڕای ڕامیاری و نەتەوەیی و ئایینی. بۆنەی ڕاپەڕین یەکێکە لەو پرۆسە نەتەوەییانەی کە لە دوای خۆی گۆڕانکاریەکی گەورە و ڕیشەیی بەسەر هەموو کایەکاندا هێناوە، بەتایبەت موزیک و گۆرانی. توێژەر بە پێویستی زانی لەم توێژینەوەیەدا بە ئەم کارانە هەستێت:

- تیشک خستنە سەر هونەری موزیک و گۆرانی ناوچەی ڕانیە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بۆ بەراوورد کردنی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی هونەری موزیک و گۆرانی لە دوای ڕاپەڕین.
- دەستنیشان کردنی ئەو چالاکی و جوڵە و سروود و موزیکانەی لە دوای ڕاپەرین درووست بوون.
- ڕۆڵ و گرنگی کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە- بەشی موزیک لە دوای ڕاپەڕین.
- ئەو گۆڕانکاری و شێوازە نوێیانە بخاتە ڕوو کە لە دوای ڕاپەڕین سەریان هەڵداوە.
- ناساندنی لایەنی هونەری دیارترین و چالاکترین هونەرمەندی دوای ڕاپەڕین.
- کار و ناساندنی ئەو تیپانەی دوای ڕاپەڕین دروستبوو.

## باسی دووەم: مێژووی موزیک لە ڕانیە لەنێوان ساڵانی(١٩٩١ - ٢٠٠٠)ز

تیپی مۆسیقای ڕانیە بەگشتی دوای ڕاپەرین وا دەبینرا کە زۆر گەشە بکات، ئەویش بەهۆی ئەو ئازادیەی دوای ڕاپەڕین هەبوو، پێش ڕاپەڕین سانسۆرێک هەبوو. لەسەردەمی بەعسدا بۆ هەر کارێکی هونەریی بۆ هەر ئاوازێک ڕژێمی ئەوکات مەرجی هەبوو، بۆ نمونە دەبوایە بۆهەر کۆنسێرتێک کە دەیان کرد، سرودی نیشتمانی بەسەر بەعسدا بگوترێت، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەر بوو، کە دوای ڕاپەڕین ئەم سانسۆرە نەما. هەموو هەوڵێکیان داوە کە ئەم تیپە مۆسیقایە بەرەو پێشەوە بەرن دەستیان بە پرۆڤەی باش و چالاکی کردووە لەم سەردەمە[1].

مامۆستا هیوا موستەفا خولێکی مۆسیقای کردەوە لە قوتابخانەی (سەرقولە) بۆ منداڵان لەوکاتەدا کور و کچ بەیەکەوە بەشداریان لە خولەکەدا کرد ١٩٩١/١٠/١.

ئەوە بوو توانیان ئاهەنگێک بکەن لەمەرکەز شەباب لەسەر شانۆ گۆرانیان گوتووە، ڕۆڵی ئافرەت ئەوکاتە لەساڵی ١٩٩١ دا دەرکەوت کە یەکەم کچ کە بەشداری لەمۆسیقا کردووە، ئەویش (ڕەهێڵە جەمال) بوو، کە لەوکاتەدا لەسەرجەم ئاهەنگەکاندا بەشداری کردووە لەوکاتەدا لەیادی ڕاپەڕین یان یادی حیزبەکان کە ئاهەنگیان گێراوە[2].

ساڵانە خول دەکرایەوە لە ڕۆژی ١/ ١٠ کەڕۆژی جیهانی مۆسیقایە، ئەهەنگێکیان ساز دەکرد، تا ئەو بەهرەو توانایەی هەیانە پێشکەشی بکەن، لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، کارو چالاکی گروپە مۆسیقاکان، هەر بەردەوام بوو لە مانگی (١٩٩١/٩) لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوانی خوێندکاران و قوتابیان چەندان چالاکی هونەری و مێژووی خەباتی خوێندکاران و جولانەوەی هونەری لەهۆڵی ناوەندی ڕانیەی کوڕان ئەنجام درا... کە مامۆستا (ئیبراهیم حەویز) وەکو پسپۆڕی پەروەردە ئامادە بوو. جگە لە بەرپرسانی بەرەی کوردستانی.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (هیوا مستەفا)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕانیە ئێستا بەرویبەری کاروباری هونەریە لە ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەهێڵە جەمال)، مۆسیقاژەن دامەزرێنەری گروپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەی ئاکۆی بنەڕەتی، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/١٤.

زیادە ڕەوی نییە کە بووترێت، لە کوردستان لە دوای کۆڕەوەکە بۆیەکەمین جار لە 1991/5/1 بەشێکی تیپی موزیکی ڕانیە لەبارەگای حیزبی شیوعی عێراق لەڕانیە ئاهەنگێکیان سازدا. ئەم هونەرمەندانە بەشداریان تێدا کردبوو:-

1. سلێمان حەسەن، ئۆرگ.
2. هونەر مستەفا، کەمانچە.
3. حسن حمدامین سەرسیانی، ئیقاع.
4. کاوە عبداللە شانۆکار، گۆرانی ووتن.

بەدوای ئەم ئاهەنگە ڕانیە گروپێکی گەڕۆکیان پێک هێنا و لە شوێنە جیاوازەکاندا ئاهەنگیان دەگێرا وەکو ئاوەدان کردنەوەی شاری قەڵادزێ و یادی قاسملو لە چوارقوڕنە و بەشێکی زۆر لەلادێ و شارۆچکەکان بە ئاهەنگی ئەم گروپە دلخۆش بوون.

ئەندامانی بەشدار بوو لەم گروپەدا کە ئەندامی تیپی ڕانیەش بوون ئەمانە بون:

1. حەمەڕەشید ساز، تەپڵ، شمشاڵ، عود ژەن.
2. رزگار حەمە علی، فلوت ژەن.
3. حمدامین، ئۆرگ ژەن.
4. سلێمان، ئۆرگ ژەن.
5. ئومێد حەمە علی، گیتار ژەن.
6. ئامانج سلێمان، تەپڵ لێدەر.
7. خدری پور خەیاڵ، گۆرانیبێژ.
8. بکر حەمە حسێن، گۆرانی بێژ[1].

تیپی مۆسیقای ڕانیە لەدوای ڕاپەڕین بەسەر پەرشتی (هیوا مستەفا)، چەندان کۆبونەوەو ئاهەنگیان سازدا. وە یەکێک لە کۆبو نەوەکان لە مانگی ١٩٩١/٨ سەبارەت بە کردنەوەی لێژنەی

[1] سـەرکەوت بورهان، هونەری موزیک لەلاپەڕەکانی مێژووی ڕانیە، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشـتیە ، ژ٧ ، ئازادی ٢٠٠٤، ل١٦.

ڕانیە (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) بووە، هەر لەو بارەگایەدا لیژنەی هونەرمەندان بەشداریان کرد. کە بارەگایان لە قوتابخانەی ڕانیەی سەرەتایی بوو. هەر لە بارەگایەدا سرودیان ئامادە کرد بۆساڵیادی ڕاپەڕین، کە سرودی (٥)ی ئازار، سرودی (بزەی سەرکەوتن)، سرووودی (٥)ی ئازار هۆنراوە نیازی حەمە عەزیزو ئاواز و دابەشکردنی هیوا مستەفا کۆرسی کوڕو کچ بوون[1].

لەمانگی (٨) ١٩٩٢ مامۆستا سەرکەوت بورهان هەستا بەدروستکردنی گروپێکی هونەری منداڵان بەناوی گروپی هونەری (ڕابون) لەدوای ڕاپەڕین ئەم گروپە یەکەم گروپ بوو، چالاکی هونەری منداڵان لە ڕانیە سازبدا. لەڕێگەی پشتیوان بورهان و کاردۆسەردار)ەوە چەندین منداڵی کۆکردنەوە و لەوانە کە ئێستا جێ پەنجەیان لە هونەری کوردیدا دەدرەوشێتەوە و هەرێم سەلاح و هەڵبەست سەلاح، هەردی سەڵاح) بوون[2].

تیپی هونەری (ڕابوون) یەکەمین تیپی هونەری منداڵان بوو لەدوای ڕاپەڕین گۆمی مەنگی جوڵانەوەی هونەری منداڵان بزاوت و شانۆگەری (دارستان) نیان پێشکەش کرد لە ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٢٠ و بۆ ڕۆژی دوایی هۆڵی (٥)ی ئازار کاتژمێر٢ ی دوای نیوەڕی لە نوسینی (جیهاد دڵپاک)و دەرهێنانی (سەرکەوت بورهان) بوو[3].

ئامادەکردنی مۆسیقاو ئاوازەکانیش (ڕزگار حەمە عەلی) بوو. وە کاری دیکۆر و میکیاژ و...هتد، (حەسەن حەمەد ئەمین و نەهرۆ سەردار و نیهاد حەمەعلی و ئیسماعیل بەکر بوون، ئیسماعیل ئەحمەد ئاوازەکانی زۆر باش دەگوتن تاوەکو لەدوایدا ڕزگار بەشێکی لە هۆنراوەو گۆڕانیەکانی گۆڕی. لەوانە(ئەوینی ناکام و گڕی عیشق) لەو گروپەدا زیاتر لە سێ منداڵ بەشداریان دەکرد کە بووە مایەی گروتینێکی بە گوڕتر لە ڕانیە[4].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەرکەوت بورهان)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕابوون ئێستا معیدە لە زانکۆی سەڵاحەدین، ڕانیە ٢٠٢٢/١١/٧.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەرکەوت بورهان)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕابوون ئێستا معیدە لە زانکۆی سەڵاحەدین، ڕانیە ٢٠٢٢/١١/٧.

[3] سەرکەوت بورهان ، هەمان سەرچاوە، ل١٤

[4] سەرکەوت بورهان ، هەمان سەرچاوە، ل١٧.

منداڵانی ئەم دەڤەرە لە ١٩٩٢/١/١٢ لەکۆبونەوەی باوکان لەقوتابخانەی ناوەندی رانیەی کوڕان دا ئاهەنگێکی جوان ساز کرا... پێویستە بگوترێت لەدوای ڕاپەڕینەوە جوڵەی هونەری بەشێکی زۆری کەوتە سەر ئەستۆی قوتابخانەکان بەتایبەتیش (ابراهیم حەویز) ڕۆڵی چالاکانەی بۆ هاوکاری کردن و شوێن بۆ دابینکردن و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان دەبینیێ: چونکە بەشی هەرە زۆری میوزیکەکان پێکهاتبوون، کردنەوەی خول و شوێنی پرۆڤەش هەر لە قوتابخانەکاندا بووە. بەشداران میوزیکی لە ئاهەنگی ١٩٩٢/١/١٢ ئەمانە بوون:

1. کامەران ئەنوەر – کلارنێت
2. نەهرۆسەردار – فلوت ژەن
3. ئاری حمد مین – ۆرگ ژەن
4. خالید حەمە صدیق – کەمانجە ژەن
5. ئامانج سلێمان – ئیقاح ژەن.

هەر ئەم ئەندامانە بەبۆنەی جەژنی مامۆستایانەوە ئاهەنگێکی خنجیلانەیان لە (ئامادەی ڕانیەی کچان) سازداوە[1].

کۆمەڵێک بۆنەی نیشتمانی هەبوون لەو ڕۆژانەی کە تیپی موزیکی ڕانیە ئاهەنگیان تێدا بگێڕێت، لەوانە ڕۆژی سەریساڵ و جەژن و (٥)ی ئازارو کۆمەڵێک یادی تر لە ڕۆژی سەری ساڵ ١/١/ ١٩٩٣ بەبۆنەی ساڵی تازە و ئازادیەوە لەهۆڵی (٥)ی ئازار چەند هونەرمەندێک ئاهەنگێکیان سازدا کە نزیکەی (١٥٠٠) کەس ئامادەی ئاهەنگەکە بوون وەبووە مایەی قەرەباڵغی و بێبەش بوونی چەندان کەس لە بینینی ئاهەنگەکە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە جەماوەر ئەو ئاهەنگەیان نەبینی و لێی بێبەش بوون بۆیە لە ڕۆژی ١٩٩٣/١/٣ دووبارە کرایەوە[2].

لەدوای ئەم ئاهەنگە تیپیێ موزیکی ڕانیە خۆی ئامادەکرد بۆ یادی نەورۆزو ڕاپەڕین. بۆیە لە ڤیستڤاڵی ڕاپەڕین سەرکەوتن لەڕۆژی ١٩٩٣/٣/٦ لە بناری کێوەڕەش هەمان تیپ ئاهەنگێکی گۆرانی

---

[1] سەرکەوت بورهان، هەمان سەرچاوەی پێشوو . ل١٤.

[2] ســـــەرکەوت بورهان، هونەری موزیکی لەلاپەڕەکانی مێژووی ڕانیە دا، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشـــتییە، ژ. ٩، ئەیلول٢٠٠٤، ل١٦.

و سرودی سازدا له بناری کێوەڕەش بۆ جەماوەرێکی زۆر زیاتر لەدەیان هەزار کەس ئامادە بوو، لەم ئاهەنگەو ڤیستیڤاڵەدا گروپی هەڵپەرکێ ی (میزۆپۆتامیا) زیاتر کە بیست جۆرە هەڵپەڕکێ ی رەسەن کوردیان لەگەڵ چەندان گۆرانی باکور و باشور ی کوردستانی نمایشکرد.

له ڕۆژی (١٩٩٣/٨/٢٧) بەبۆنەی چلەی ی هونەرمەند (سلێمان حسن) لە هۆڵی (٥)ی ئازاردا ئاهەنگێکی ماتە مینی و شیعر و پەخشان کاتژمێر ٥ ئیوارە دەستی پێکرد. **بەشدارانی ئەم چلەی ماتەمینە ئەمانە بوون:**

1. کامەران ئەنوەر – کلارنێت
2. رزگار حەمەعلی – فلوت
3. سەکەروت بورهان – فلوت
4. نهرۆ سەردار – فلوت
5. ئاریان اسماعیل- کەمنجە
6. نیهاد حەمە علی
7. هونەر مستەفا – چەلۆ
8. هەمزە ئاگۆش – جاز
9. ئاری حەمەدەمین – ئۆرگ
10. ئامانج سلیمان- إقاع

بەرهەمەکانی ئەم چلەیە لەلایەن کۆرس و (جەمال فەتحیان و نەوزاد علی قەڵادزەیەیی) پێشکەش کران. کە دووسەعات و نیوی خایاند[1].

تیپی مۆسیقای کازیوە لە ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٦ دروست بوو، وە بەردەوام بوون لەکارو چالاکیەکانیان، ساڵانە لە ١٠/١ ئاهەنگیان دەگێڕا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مۆسیقا، تیپی کازیووە بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کۆتای پێهات لەو هۆکارانەش:

1. ڕۆشتنی ئەندامان بۆ دەرەوەی وڵات.

---

[1] سەرکەوت بورهان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

2. هەندێک لە ئەندامانیش بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە لەم گرووپەدا دابڕان.
3. زۆربەی ئەو ئالەتانەی بەکاریان دەهێنان تالان کران و نەمان[1].

لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢١ ئاهەنگێک یان سازدا لە گۆرەپانی (ناوەندی ڕێخراوەکانی) ئێستا. لەخولی سلێمان سەرجەم خوێندکاران و مامۆستایانیش لەو ئاهەنگەدا ئامادەبوون و دیاری ڕێکخراوەکەی درا بەم خولە[2].

لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥ لیژنەی رانیەی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان کاتژمێر (٥/٥) کۆڕێکی مۆزیکی لەژێر ناونیشانی ((ڕەچەڵەدا و گرینگی مۆزیکی جیهانی)) بۆ هونەرمەند (سەرکەوت بورهان) سازدا کۆڕەکە دووکاتزمێری خایەند، ئەم کۆڕە یەکەمین کۆڕی میوزیکی بوو لە مێژووی ڕانیەدا سەبارەت بە میوزیکی جیهانی سازبدرێت، وە گفتوگۆیەکی باش کرا[3].

لەڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٥، لە هەولێر بەشێک لە هونەرمەندانی ڕانیە بەبۆنەی سێیەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕیندا ئاهەنگێکیان سازدا:

1. کامەران ئەنوەر – کلارنێت
2. سەرکەوت بورهان – فلوت
3. نەهرۆ سەردار – فلوت
4. ئاریان اسماعیل – کەمانچە
5. ئاری حمەدەمین – ئۆرگ
6. دڵدار زرار – عوود
7. ئومێد حمە علی – گیتار
8. نزار ڕشید ڕەواندزی – دەف

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەنج ڕەسوڵ) مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی مۆسیقای کازیوە ئێستا مامۆستایە لە بەشی یاسا زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٣.

[2] سەرکەوت بورهان، هونەری میوزیک لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕانیەدا، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژ.١١، ئازاری ٢٠٠٥، ل٣٨ .

[3] سەرکەوت بورهان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦ .

9. سۆران کۆیی – باغۆ

10. چەند عازفێکی تری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.

بەرهەمەکان:

1- جەمال فەتحیان - سێ گۆرانی پێشکەش کرد (دایە من ناگەڕێمەوە، تروکە تروکەی بەفر، گۆرانیەکی تر).

2- دارەڤان سەید ئەحمەد- سێو پێگەیی.

3- سروودی ئەی نازدار – کۆرس. لەلایەن بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.

4- سروودی دەمی ڕاپەڕین[1].

تیپی موسیقای ڕانیە لە ساڵی ١٩٩٤ بنیات نرایەوە هەریەکە لە (کامەران ئەنوەر و هاوکار محێدین) چالاکیەکانیان بەڕێوە دەبرد، کە هەردووکیان موزیکژەن بوون، یەکێک لە ئاهەنگەکان دوو ڕۆژی خایەند کە هونەرمەند (چالاکی مامڵێ) بەشداری بووە. لەئاهەنگەکان لە هۆڵی(٥) ی ئازار خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆیەوە بەشدار بوون[2].

لە ڕۆژی ٢١-١٩٩٥/٧/٢٢ بە بۆنەی دووەمین ساڵرۆژی شەهید سلێمان لەسەر ئەرکی کۆمەڵەی خوێندکاران لقی ڕاپەڕین هەستان بە ئامادەکردنی شانۆگەرییەکی میوزیکی بە ناوی (سەرابی ڕاپەڕین) ئامادەکردنی دەق (سەرکەوت بورهان) نمایشکردنی (تارا ڕەحمان و هەمزە سەرحان) بوو[3].

لەساڵی ١٩٩٧ گرووپی (نەوا) دامەزرا. ئەم گرووپە لەلایەن (م. بەهزاد رسول) سەرپەرشتی دەکرا، کە کۆمەڵێک لە ژەنیارەکانی کۆکردەوە، ئەم گرووپەی دامەزراند، م. بەهزاد و یەکێک لە ئەندامانی هەڵبژارد وەکو سەرپەرشتی کارگێڕی گرووپەکە ئەویش م. هەوکار محێدین بوو.

---

[1] سەرکەوت بورهان، هونەرو میوزیک ، لاپەڕەکانی مێژووی ڕانیەدا، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژ.٩، ئەیلوول ٢٠٠٤,ل١٧

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (هاوکار محێدین)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی نەوا ئێستا سەرۆک بەشی مێژوو لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٥.

[3] سەرکەوت بورهان، هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل٣٩.

کەمانەکانی ئەم گرووپە پێکهاتبوون لە (م. إبراهیم خدر، هێمن مۆفق، کاروان بەختیار) ڤیۆلین ژەن، (غەفور احمد، ڕێباز محمود) پیانۆژەن بوون و (هیوا احمد) دەفی دەژەنی(کارزان حەمە خەسرەو) ئامێرە ڕیتمیەکانی دەژەنی (شنۆ محمود، شنیارمحمود) گۆرانی بێژ بوون[1].

لەساڵی ١٩٩٨ دا (م. هاوکار محیّدین) وەکو سەرپەرشتیاری گروپی (نەوا) هەڵبژێردرا، لەگەڵ ئەم گروپە توانیان چەندین کارو چالاکی پێشکەش بکەن لەوانە (ئاهەنگی ڕۆژی مۆسیقای جیهانی ساڵی ١٩٩٨ بەرنامەیەکی گۆرانی لە (puk) کۆیە، بە بۆنەی سەری ساڵ ١٩٩٩ ئاهەنگی تیپی مۆسیقای نەوا بەهەوکاری ڕێکخراوی (tdc) و چەندین چالاکی بۆ خوێندکاران لەساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ خوێندن چوون بۆ سلێمانی، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر چالاکیەکانیان لەناو گروپەکەدا بۆیە لە ٢٠٠٢ ەوە بە شێوەیەکی سەربە خۆ دانەبڕان لە چالاکی و توانیان لە چەندین بۆنەو ئاهەنگدا بەشداربن وەلە ئاهەنگی خوێندکارانی قەڵادزێ ساڵی ٢٠٠٢ و ئاهەنگی نەورۆزی ٢٠٠٣ و ئاهەنگی ٨ی مارسی ٢٠٠٦. ڤیستڤاڵی مۆسیقاو گۆرانی قەڵادزە لە ئازاری ٢٠٠٦ و جگەلە ژەنین لەبواری ئاوازدانانیشدا توانیویانە چەندین بەرهەم پێشکەش بکەن لەو بەرهەمانە کە بڵاو کراونەتەوە دوو ئاوازیان پێشکەشی گۆرانی بێژ (هیوا ئەحمەد) کرد بەناوی (ڕێگەم بدە، تروسکە)[2].

گروپی نەوا کۆمەڵێ کارو چالاکی ئەنجام دەدا لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨و ١٩٩٩ دا، ئەو چالاکیانەی ئەنجامی دەدا بەهۆی یادی ڕاپەڕین و ڕۆژی جیهانی مۆسیقا یادی شەهید سلێمان و وەهەروەها لەکردنەوەی قوتابخانەکان دا، ئەم گروپە کارو چالاکی خۆی پێشکەش دەکرد.

گروپی نەوا تا کۆتایەکانی ساڵی ١٩٩٩ دا بەردەوام بووە، وردە وردە ئەم گروپە بەرەو کزی و لاوازی ئەڕۆیشت. ئەمیش لەبەر چەند هۆکارێک ئەو هۆکارانەش لەوانە نەبوونی شوێنی گونجاو وەهەروەها کەم بوونەوەی ئەندامانی ئەم گرووپە[3].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (إبراهیم خدر)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی نەوا ئێستا بەڕێوبەری بەشی موزیک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/١٠.

[2] م.هەوکار محیّدین ، بەهرەمەند، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ڕانیە ، ژ١٦، حوزەیرانی ٢٠٠٦، لا٥٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (إبراهیم خدر)، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## باسی سێیەم: مێژووی موزیک لە ڕانیە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ - ٢٠١٤)ز

لە ساڵی (٢٠٠٠) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە کرایەوە. بونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ڕانیە گرنگی زۆرە یەکێک لەو گرنگیانە بۆ ئەو کەسانەی بەهرەی هونەریان هەیە دەتوانن بێنە ئەم پەیمانگایە پەرە بە بوارە هونەریەکەیان بدەن، هەروەها ئەم پەیمانگایە کۆمەڵێک هونەرمەندی ئەکادیمی لە بواری هونەریدا پێگەیاند کە خزمەتێکی بەرچاویان بە هونەری ناوچەکەیان کردوە بە تایبەت بە شاری ڕانیە[1].

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە وەک هەموو پەیمانگاکانی کوردستان ڕێژەیەکی زۆری خوێندکاران و بەهرەمەندانی هونەری لەو دەڤەرەی تێدا کۆبۆتەوە بۆ دانەبڕان لەگەڵ هونەری شارەکانی تر و جیهان بە گشتی بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەروەک ئاشکرایە لەو ماوەیەدا گروتینی باش کەوتۆتە بواری هونەری لە شاری ڕانیەدا، بێگومان ئەمەش بەرهەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیەن پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەکو بەشێکی گرینگ وا بوو بۆ هونەرمەندان و مۆسیقاژەنان[2].

لە ساڵانی نەوەدەکان گروپی کازیوەی منداڵانی ڕانیە سەر بە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان کە پرۆژەیەکی پڕ لە خزمەت بووە بۆ منداڵانی شاری ڕانیە و دەوروبەری و هەمیشە بۆ پڕ کردنەوەی کەم و کوریەکانی منداڵانی ئەو شارە لە هەوڵدان و چەندین چالاکی جۆراوجۆریان بە ئەنجام گەیاندووە. تیپی هەڵپەڕکێی منداڵانی کازیوەی ڕانیە سەردانی شاری سنەیان کردووە، هەڵپەڕکێی کوردەوارییان ئاشنای منداڵان و خەڵکی شاری سنە کردەوە[3].

هەوڵی دامەزراندنی گروپی میوزیکی کچانی ڕانیە، لەسەر دەستی ژنە موزیکارێکی بە ئەزموون و بەتوانای ئەم شارەدا هەموو لایەکی دڵخۆش کردو، هەمووومان خۆشحاڵ بوون، بەوەی

---

(1) دلێر عبدالخالق، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە لە بەســەرکردنەوەیدا، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشــتیە، ژ.٨، حوزەیران ٢٠٠٤، ل٢٦.

(2) ڕەوەند محمد، گۆڤاری ڕانیە لە ژوان خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیەدا، ڕانیە گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژ.١٦، حوزەیرانی ٢٠٠٦، ل٣٧.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ئەنوەر ڕەسوڵ)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی مۆسیقای کازیوە ئێستا بەرێوبەری کار و باری هونەری لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٣.

خانمانی شارەکەمان هەنگاوی بوێرانەی ئاوها دەست پێدەکەن بۆ دەرخستنی بەهرە و خولیاکانیان. بیرۆکەی ئەم گروپە لەلایەن خاتو (ڕەهێڵە جمال ڕەشید)ەوە دامەزراوە. ئەویش دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا گفتوگۆیان لە بارەوە کرد، هەوڵ و تەقەلاکان خرانە گەڕ و بە هاوکاری مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بە تایبەت مامۆستا هیوا مستەفا. توانرا سەرەتای دامەزراندنی گروپەکە ڕابگەیەنن[1].

دامەزراندنی گروپی کچانی ڕانیە لە ٢٠٠٤/٧/٢٤ دامەزرا کە زۆربەی ئەندامانی گروپەکە قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بوون لەدوای دوو مانگ لەپرۆڤە کردنی گروپەکە.[2]

گروپی کچانی ڕانیە، پێکهاتەی ئەو خانمە موزیک ژەنانەیە کە دەرچوو یاخود خوێندکاری بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیەن و، هەندێکیان پێشتر ئەندامی ئەو تیپە میوزیکیانە بوون کە لە ڕانیەدا هەبوون و دواتر کۆتاییان پێهات. گروپەکە لە ٢٠ ئەندام پێک هاتبوو ڕەهێڵە جەمال جگە لەوەی سەرپەرشتیاری گروپەکە بوو. شانبەشانی هەریەک لە (ڕەوشت حەسەن و شانۆ سەردار و نسار خدر) وەک ژەنیاری کەمانچە خزمەت دەکات. خاتون نامۆ نزاریش جگە لە ئامێری فلوت گۆرانیبێژیش بووە. (پەرێز ئەحمەد و چرا چاپوک) ئەوانیش ئامێری فلوتیان دەژەنی، (داستان عومەر) بە دەف و، ریمان عزیز بە پیانۆ، سابات حەمید بە ئامێری جەلۆ، بۆکان عزیز بە ڤیۆلا و ڕەوا هەژار بە ئامێری تۆبوا و، هەریەک لە خاتوونان (بێژان مەولود و ڕێژنە حەمید وچرا ژینە خان وەک کۆرس لەو گروپەدا خزمەتیان دەکرد[3].

لە ٢٠٠٨/٣/٥دا گروپی کچانی ڕانیە هەڵسا بە ئەنجام دانی کارێک بۆ یادی ڕاپەڕین، هۆنراوەی کازم کۆیی، کە بۆ گروپی کچانی ڕانیەی ناردبوو و ئەم گروپەش ئاوازێکیان بۆ دانابو ٣/٥

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (هیوا مستەفا)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕانیە ئێستا بەرەوێوبەری کاروباری هونەریە لە ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەهێڵە جەمال)، مۆسیقاژەن دامەزرێنەری گروپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەی ئاکۆی بنەڕەتی، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/١٤.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەوشت حەسەن)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/٢٨.

پێشکەشیان کرد و، وە ئاوازەکەش هی م. هیوا مستەفا بوو، ئەم بەرهەمەیان لە سلێمانی تۆمارکرد و لە ڕانیە کلیپیان بۆ کرد. دوای ئەم بەرنامەیە چەندین کاری تریان کردووە.

گروپی کچانی ڕانیە بەرهەمێکیان پێشکەش کردووە لە ساڵی ٢٠١٢دا بەناوی [چوار گوڵ]، کە [م. هێمن حەسەن] بە ئەنجام دانی ئەم کارە هەڵسابوو. کە ئەم گۆرانیە کۆنو میللیە بەڵام لەلایەن گروپی کچانی ڕانیە نوێ کرایەوە، کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە و پشتگیری لێ کراوە. هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە ئەم گروپە تا ڕادەیەک باش بوو[1].

گروپی موزیکی یارسان، لە ڕۆژی٢٠٠٣/١٢/٥، وەک گروپێکی موزیکی سەربەخۆ لە شاری ڕانیە خۆی ڕاگەیاند، ئەم گروپە لە کۆمەڵێک گەنجی ئەکادیمی مۆسیقی ئاست بەرز پێک هاتووە، کە چاوەڕێی کاری باش و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری لە شاری ڕانیەیان لێدەکرێت. گروپەکە پێکهاتووە لە هەریەک لە هونەرمەندان (کوردۆ سەردار، کاردۆ سەردار، هێژا عەزیز، هونەر مەحمود، هونەر عەلی، هەڵگورد سوڵتان، ڕێبین عوسمان، ئەکرەم ڕەسوڵ، ڕەوەند محەمەد، ڕێبوار محەمەد) [2].

یەکەم چالاکی ئەم گروپە کونسێرتێک بوو، بە ناوی (ڕێزلێنان لە خەباتی هونەری و نەتەوەیی ژنە هونەرمەندی کۆچکردووی گەلەکەمان مەرزیە فەریقی) کۆنسێرتەکە لە هۆڵی (٥)ی ئازاری ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ڕانیە بە ئامادەبوونی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان ناسری ڕەزازی و ماڵباتی کۆچکردووی مەرزیەی فەریقی و جەماوەرێکی زۆر هونەر دۆستی شارەکەمان بەڕێوە چوو، کە تیایدا چوار کچی دەنگ خۆش بە ناوەکانی (سەهەند و چنار و هێرۆ و هێڤی) بە هاوکاری هونەرمەند مۆسیقاکان. چەند گۆرانیەکی مەرزیە فەریقیان ووتەوە، ئەمەش وەک وەفایەک بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی و هونەری و نەتەوەیی مەرزیەی جوانە مەرگ[3].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەوشت حەسەن)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/٢٨.

[2] پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ م. کاردۆ سەردار، مۆسیقا ژەن، سەروچاوە، ٢٠٢٢/٣/٥.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (کوردۆ سەردار)، مۆسیقاژەن ئەندامی گروپی یارسان ئێستا لە بەڕێوبەرایەتی چالاکی ڕۆشنبیری زانکۆی ڕاپەڕینە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/٨.

به هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی بواری هونەری موزیک لە ڕانیە (تیپی چامبەر و ئۆکێسترای ڕانیە) دامەزرا، ئەمەش دوای ئەوەی بیروکەکەیان لەلا گەڵاڵە بوو هەوڵی خۆیان چڕ کردەوە تا سەرەنجام لە ٢٠٠٦/٣/٥ تیپەکەیان ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا چەندین چالاکی یان پێشکەش کرد[1].

دوای ماوەیەک دابڕان جارێکی تر موزیسیانانی ڕانیە بە گڕوتینێکی گەرمەوە کە جێگەی خۆشحاڵیە تەواوی موزیسیانانی ڕانیە تیادا بەشدارن هاتنەوە مەیدان و ئۆرکسترای ڕانیەیان ئاوەدان کردوە، ئەمەش خەونێکی لەمێژینەی ئێمە بوو وا هاتەدی. دیارە بیرۆکەی دروستکردنی ئۆرکسترایە ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ مامۆستا بەڕێزەکانی پەیمانگا باسمان دەکرد و تاووتوێمان دەکرد کە کاتی ئەوە هاتووە ئۆرکسترای ڕانیە ڕابگەیەنین چونکە توانای زۆرباش بەدی دەکرا دەتوانین بڵێین تواناکان لە تاو بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بەدی دەکرا، بەدەر لە پەیمانگاش کۆمەڵێک موزیسیانی زۆر ئەکادیمی هەبووە دیارە دروست کردنی چامبەر ئۆکسترایەکی ئاوا ئەرکێکی زۆری دەوێت و ماندوبوونی دەوێت کە گرتومانەتە ئەستۆی خۆمان.

دەکرێت ڕۆڵی هەریەکە لە بەڕێزان مامۆستا (باسم محمد) کە ڕابەرایەتی ئۆرکسترای گرتۆتە ئەستۆی خۆی وە هەروەها مامۆستا (دلێر حسین) کە لەنزیکەوە چاودێری دەکات لەبیر نەکەین وە هەریەک لەمامۆستا بەڕێزەکانی ناو پەیمانگا ئەرک و ماندو بوونی زۆریان چێشتووە بۆ سەرخستنی ئۆرکستراکەمان[2].

ژمارەی ژەنیارەکان نزیکەی (٤٠) ژەنیار دەبن و ژمارەیەکی بەرچاوی ژەنیارەکان کچن ئەوەش هۆشیاری ناوچەکەمان دەردەخات کە خانمانیشمان شان بە شانی براکانیان دەتوانن وەک ژەنیار لەم ئۆرکێسترایەدا ڕۆڵیان هەبێت[3].

---

[1] کاردۆ سەردار، تیپی موزیکی جامپەر ئۆرکسترای ڕانیە، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژ.١٦، حوزەیرانی ٢٠٠٦، لا٢٧

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (هیوا مستەفا)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕانیە ئێستا بەرپوبەری کاروباری هونەریە لە ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.

[3] پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (کاردۆ سەردار)، مۆسیقاژەن ئەندامی گروپی یارسان ئێستا مامۆستایە لەپەیمانگای تەکنیی کۆیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٠/٥.

دوو کۆنسێرتیان لە شاری ڕانیە ئەنجام داوە، کۆنسێرتی یەکەمیان لە بەرواری ٢٠٠٦/٣/٥ لە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان بوو، کە تیایدا (٦) بەرهەمی جیهانی و دوو بەرهەمی خۆماڵی لەخۆ گرتبوو، ئەو دوو بەرهەمانە یەکێکیان هی هونەرمەند (دلێر حسێن) و ئەوی تریشیان مامۆستا (خلیل ئیبراهیم) کاری موزیکی بۆ کردبوو. هەر لەو ڕۆژەدا واتا ٢٠٠٦/٣/٥ ئۆرکێسترای ڕانیەیان ڕاگەیاند کە هاوکاتە لەگەڵ یادی ڕاپەڕین، وە کۆنسێرتی دووەمیان بە (٤) بەرهەمی جیهانی بەشدارییان کرد لە ڤیستیڤاڵی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) کە لە ڕانیە ساز درابوو کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شارەکانی تری کوردستان ئامادەبوون زۆر خۆشحاڵ بوون کۆنسێرتەکەیان بە تەواوی سەرنجیان ڕاکێشا هەر بۆیە لە چەندین لاوە ستایش و دەست خۆشیان پێگەیشت، وە ئەوەی کە زیاتر ئەوانی خۆشحاڵ کرد ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆری شاری ڕانیە بوو لە کۆنسێرتەکانیاندا و پاراستنی هێمنی هۆڵەکانی لە کاتی نمایش کردنی دا کە ئەمەش وشیاری و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری هونەری ناوچەکە دەردەخات[1].

لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٩ سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان نوسینگەی (بیتوێن، پشدەر) تاکو ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣٠ هەڵسا بە سازدانی ڤیستیڤاڵێک بۆ گەنجانی کوڕ و کچی دەڤەری پشدەر لە ژێر ناوی (ڤیستیڤاڵی دەنگ لە ئامێزی ڕاپەڕیندا) بە دروشمی ڕووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و پێشکەوتن خواز بە بەشداری کردنی گروپێک لە تیپی مۆسیقای قەڵادزێ و ڕانیە بە بەشداری کردنی (٩) ژەنیار و (١٢) گۆرانیبێژ، بە جیاوازی ڕەگەز بە (٣) کچ و (١٠) کوڕ بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ، ٢٩-٢٠٠٦/٣/٣٠ بەردەوام بوو[2].

لە ٢٠٠٨ لە کاتێک کە تیپی موزیکی ڕانیە نوێ دەکرێتەوە چالاکی ئەنجام دەدەن بە بۆنەی یادی نوێکردنەوەی ئەم تیپە کە چەند بەر هەمێکیان تێا نمایشکردووە یەکێ لەو بەرهەمانە خوا لێخۆشبوو (جێگر خدر) پێشکەشی کردووە و نزیکەی شەش گۆرانیان پێشکەش کردووە کۆمەڵێک بەرپرس و کەسی بە ناوبانگی دەڤەرەکە هاتبوون بەشداریان کردبوو بۆ یادی دامەزراندنی تیپی

---

[1] کاردۆ سەردار، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

[2] حەبیب بابان، سەرەتاکانی خوێندنی کچان لە ڕانیە، ڕانیە گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژ.١٦، حوزەیران ٢٠٠٦، لا٤٤

مۆزیکی ڕانیە، وە هەروەها ٢٠٠٨ تیپی ئۆکسترا کوردستان گەشتیان کرد بۆ وڵاتی نەمسا لەوێدا بەشداری ڤیستیڤاڵێکیان کرد لە (گۆڵان هۆڵد) کە یەکێکە لە هۆڵە بە ناوبانگەکانی دوونیا، کە ئەم تیپە توانیان پلەی دووەم بە دەست بهێنن لەسەر ئاستی هەموو بەشداربوانی ڤیستیڤاڵەکەدا. ئەمە وەکو چالاکی کە ئەم تیپانەی ڕانیە چالاکیات هەبووە لە ناوچەکانی تردا و لە دەرەوەی ڕانیە دا و وە هەروەها لەوڵاتانی تری جیهانیشدا[1].

ڕانیە بە هۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە گەیشتە قۆناغێکی ترو هەموو ساڵێک ڤیستیڤاڵی زۆر باشیان دەکرد لەم ڤیستیڤاڵانە هەموو جارێ گۆرانی بێژی بە ناوبانگ بەشداریان دەکرد لەوانە (ناسری ڕەزازی، دیاری قەرەداغی، خەباتی مەولودی)ئەوانە لە ڤیستیڤاڵی پەیمانگا بەشداریان دەکرد. بەرهەمی باشیان پێشکەش دەکرد کە خەڵک چاوەڕێیان دەکرد بۆ بەرەو پێشچوونی باشتر[2].

ئەو تیپ و گروپانەی ڕانیە زۆربەیان کارو چالاکیان دەوەستێت وە یاخود گروپەکان نەماون و لەناوچونە، وە یاخود زۆربەیان بوونە بە تاکەکەسی و بە تەنها کارو چالاکیەکانیان کردووە. وە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک لەوانە:

1- نەبوون دارایی تەواو بۆ گروپەکان.

2- کەم بوونەوەی ئەندامانی گروپەکان وە یاخود ڕۆشتنی ئەندامان بۆ دەرەوەی وڵات.

3- نەبوونی پێویستی تەواوەتی لە بەردەستیاندا[3].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سیامەند محمد)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی ئۆرکێسترای ڕانیە ئێستا بەڕێوبەری باخچەی منداڵانی هێرۆیە لە سەروچاوە، سەروچاوە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (کوردۆ سەردار)، مۆسیقاژەن ئەندامی گروپی یارسان ئێستا لە بەڕێوبەرایەتی چالاکی ڕۆشنبیری زانکۆی ڕاپەڕینە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/٨.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەرکەوت بورهان)، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕابوون ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕانیە ٢٠٢٢/١١/٧.

# بەشی سێیەم

**باسی یەکەم: مێژووی موزیک لە شاری ڕانیە**

**باسی دووەم:ڕۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە**

**باسی سێیەم: ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە هونەری موزیکی ڕانیەدا (گرووپی موزیکی کچانی ڕانیە)**

**باسی چوارەم: بەرهەمەکانیان**

## بەشی سێیەم

### باسی یەکەم: مێژووی موزیک لە شاری ڕانیە

شاری ڕانیە لە سەردەمە کۆنەکانەوە مێژوویەکی پڕ سەرمایەی هونەری گۆرانی و موزیکی هەبووە. ئەو سەرمایەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا دانیشتوانی ئەم شارە هەمیشە دڵخۆش و خۆش گوزەران بوون، جگە لەوە هەڵکەوتەی شارەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵیە و بەسەدان بەیت و کوپلەی ئاوازی کارکردن و جۆرەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری تیدایە، لەم ناوچەیە بۆ کۆکردنەوەی مەڕ و ماڵاتەکانیان پشتیان بە ئامێری شمساڵ بەستووە.

هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونەکانی ئایینی، نەتەوەیی و بۆنە کۆمەلایەتیەکان بە ئامێری شمشاڵ چالاکیەکانیان بەڕێوە بردووە. هەروەها لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی کەسانی دەوڵەمەند و کاربەدەستان، شەوانە چەندین شمشاڵژەن کۆدەبوونەوە و پێشبڕکێیان دەکرد، ئەمانە گەواهیدەرن کە لە کۆنەوە لەم ناوچەیە لە سەرجەم بۆنە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکاندا موزیک هەبووە و بگرە باڵادەست بووە.

سەرەتای سەرهەڵدانی موزیک و گۆرانی لە مێژووی هاوچەرخدا لە شاری ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆسالانی حەفتاکان. ئەو سەردەمە تیپ و گرووپی موزیک نەبوو، تەنیا چەند هونەرمەندێکی موزیکژەن موزیکیان دەژەند کە زۆر جار لە یاد و بۆنە جیاوازەکاندا کۆدەبوونەوە و ئاهەنگیان بۆ خەڵکی شارەکە دەگێڕا، ئەو هونەمەندانە بریتی بوون لە:

1. فاروقی مەلا فاتیح (ئامێری نای)
2. موحەممەد حەوێز (ئامیری عود)
3. چالاک ڕەفیق (ئامێری ڤایۆلین)
4. قوباد ڕەشید (ئامێرەکانی پێرکەشن)
5. سەلاح پشدەری (گۆرانیبێژ)

لە نێوان سالانی شەست و حەفتاکاندا کاندا تاک و تەرا گرووپی موزیک و موزیکژەن هەبوون، ئەوەی هەبووە تەنیا مامۆستا سەعدوڵلا بووە کەوا مامۆستای ئامێری ئۆکۆردیۆن بووە، ئەم

مامۆستایە وەک سەرەتایەک لە ساڵی (١٩٧٩ز) لە چەند خوێندنگایەک خولی فێربوونی موزیکی بۆ منالآن کردۆتەوە، سەبارەت بە کردنەوەی خولی فێربوونی موزیک بە شێوەیەکی پێشکەوتوو میژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستا (هیوا موستەفا)، کەوا لە پێگەیاندن و درووستکردنی (تیپی مۆسیقای ڕانیە) ڕۆڵی گرنگی هەبووە و چەندین بەرهەمی لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی کەرکوک تۆمار کردووە.

لە سەرەتادا لە شاری ڕانیە یەکەمین تیپی موزیک لە ساڵی (١٩٨٣ز) بەناوی (تیپی مۆسیقای کێوەڕەش) دامەزرا، ئەم تیپە لە (١٥) موزیکژەن پێکهاتبوون کە لە ناویاندا یەک کچ هەبوو بەناوی (تارا جەمال)، لەو کاتەدا هاندەرێکی زۆری موزیکژەنەکان هەبوون و خەڵکی ناوچەکە هاوکاریان دەکردن. ئەم گروپە لە ساڵی (١٩٨٤ز) بۆ ساڵیاد ی دامەزراندنی تیپەکەیان دەستیان بە پرۆڤە و خۆ ئامادەکردن کرد، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٤ز) ئاهەنگێکی موزیکیان سازکرد، توانیان لەو ئاهەنگەدا چەندین بەرهەمی شیاو و دوو پارچە موزیکی کلاسیک پێشکەش بکەن.

لەهەمان ساڵدا توانیان بۆ یەکەمین جار لە تەلەفیزیۆنی کەرکوک لە بەرنامەی منداڵانی کۆلکە زێڕینە (٤) بەرهەم تۆمار بکەن، دواتر لە هەمان کەناڵی تەلەفیزیۆنی دوو بەرهەمیان بۆ شاری قەڵادزێ تۆمارکرد، پاشان هەموو ساڵێک لە بۆنە جیاوازەکاندا ئاهەنگیان دەگێرا و چالاکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، هاوکات بەشداری زۆربەی فیستیڤاڵەکانیان لە شارەکانی هەلێر، سلێمانی و دهۆک دەکرد.

هەوڵ و چالاکیەکانی ئەم تیپە بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەی کەوا ڕژێمی بەعس ڕێگەی پێنەدەدان و داوایان دەکرد کەوا سروودی نشتیمانی لەناو چالاکیەکانیاندا هەبێ. بەڵام ئەم گرووپە لەبەر دڵسۆزیان بۆ گەل و نیشتیمان و پارێزگاریکردن لە هەڵوێستی نیشتیمان پەروەرانەیان، هەرگیز قایل نەبوون ئەو جۆرە سروودانە تۆمار و پێشکەش بکەن. پاشان پەیوەندیان لەگەڵ تەلەفیزیۆنی (موصل) پەیداکرد و بە لێنیان پیدان کەوا (٣) بەرهەمی هونەریان بۆ تۆمار بکەن، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٧ز) هەرسێ بەرهەمەکەیان تۆمار کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێک لە بەرهەمەکان سروودی نیشتیمانی بوو ڕەتکرایەوە.

**ئەو دوو بەرهەمە بریتی بوون لە:**

١- گۆرانی (یاری دوورکەوتوو)

ئاواز و هۆنراوە: فۆلکلۆر

موزیک و دابەشکردن: هیوا موستەفا

ووتنی: موحەممەد ڕەشید

٢- گۆرانی (خۆشەویستەکەم)

ئاوازی: سەعدوڵڵا موحەممەد

موزیک و دابەشکردنی: هیوا موستەفا

ووتنی: عومەر ئەحمەد

دواتر لە ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) لە لایەن فازیل مەجید بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوانی ڕانیە و بە هاوکاری حەسەن حەمەدەمین سەرسیانی، هەژار موحەممەد رەسول و کۆمەڵێک کەسیتر، ستۆدیۆیەکی تۆماری دەنگیان لە مەڵبەندی لاوانی ڕانیە دامەزراند کەوا جگە لە هونەرمەندانی ناوچەکە، بەهەمان شێوە هونەرمەندە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی تۆمارکردن و دابەشکردنی کارە هونەریەکانیان سودیان لێ وەردەگرت.

هونەری موزیک لە شاری ڕانیە وەک هەر بوارێکی دیکەی هونەریی لە کێشە و کەم کوڕی بەدەر نەبوو. نەبوونی ئامێری باشی موزیک، شوێنی گونجاو بۆ پرۆڤە و تۆمارکردن، لاوازی دۆخی ئابووری، نەبوونی هۆشیاریەکی پێویست بەرامبەر هونەری موزیک لە ناوچەکە، ڕێگربوون لەبەردەم گەشەسەندنی ئەم بوارە. ئەمە جگە لە دەست تێوەردانی ڕژێم و ترس و دڵەراوکێ لەبەر هەبوونی شەڕ لە ناوچەکە، کەوا کەشێکی ئارام و گونجاوی بۆ هونەرمەندان و موزیکژەنان فەراهەم نەدەکرد. تا کاتی ڕاپەڕین و ئازادی لە شاری ڕانیە بە تایبەت و لە کوردستان بە گشتی، هونەری موزیک ئاستێکی لاوازی هەبووە و لە بازنەیەکی داخراو ماوەتەوە، ڕژێم هیچ بوارێکی ئەوتۆی نەدەڕەخساند کەوا بە ئازادی هونەری موزیک و گۆرانی ڕەسەنی کوردی پێش بخرێت.

بەم شێوەیە هونەری موزیک لەژێر سانسۆر و لەو چوارچێوە تەسکەدا مایەوە، هونەرمەندانی شاری ڕانیە لە ژێر هەژموونی ترس و دڵەراوکێ و سانسۆری ڕژێمدا، هەندێک جار کاری باش و

هەندێک جار کاری نیوە ناچڵیان ئەنجام دەدا، هونەری موزیک تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز) ی شارِی ڕانیە بەم شێوەیە مایەوە، لە دوای ئەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی و نوێ بونەوە بە ڕووی سەرجەم بوارەکاندا کرایەوە، بەتایبەت هونەر و کلتوری کوردی، بێگومان لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە هونەری و ئەکادیمیانەوە بوون کە لەم ناوچەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێشخستنی بوارەکەدا دەبینی[1].

[1] سەرکەوت بورهان، گۆڤاری ڕانیە، موزیک لە لاپەرەکانی مێژووی ڕانیەدا، ژمارە(٥) ئابی ٢٠٠٣

## باسی دووەم: ڕۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە تاکە پەیمانگای ئەکادیمی هونەرییە لە ناوچەکەدا لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە لە ڕانیە کراوەتەوە، پێک دێت لە دوو بەش بەشی (موزیک، شێوەکاری).

لەسەرەتادا لقی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان داخوازیان ئەوە بوو کە کە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری ڕانیە و لە سنوری بیتوێن و پشدەر بکرێتەوە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک یەکێک لەم هۆکارانە: زۆربەی قوتابخانەکان بە دەست نەبوونی مامۆستای هونەر دەیان ناڵاند کە زۆربەی قوتابیانی ئەم ناوچەیە بێبەش بوون لە وانەی هونەر ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری ڕانیە کرایەوە.

بوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ڕانیە گرینگیەکی زۆری هەیە یەکێک لەوانە، بۆ ئەو کەسانەی بەهرەی هونەریان هەیە دەتوانن بێنە ئەم پەیمانگایە و پەرە بە بەهرەکانیان بدەن هەروەها ئەم پەیمانگایە کۆمەڵێک خوێندکاری ئەکادیمی لە بواری هونەر پێگەیاندووە کە ئێستا جێ پەنجەیان لە شاری ڕانیە دیارە[1].

[1] گۆڤاری ڕانیە : گۆڤارێکی وەرزی گشتتیە ، ژمارە (٨) حوزەیرانی ٢٠٠٨.

**باسی سێیەم: ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە هونەری موزیکی ڕانیەدا (گروپی موزیکی کچانی ڕانیە)**

زیاتر لە نیو سەدە لەمەوبەر، بێکەسی شاعیر ئەو داخە لە دڵیدا پەنگی دەخوارد کە کچ و ژنی کورد وەک پێویست نایەنە پێش لە مەیدانی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاکەیان لە هەموو بوارەکاندا و ڕووی دەمی دەکردە ئەو ڕەگەزە گرنگەی مرۆڤ و پڕ بە گەرووی دەیگووت:

خشڵ و جوانی تۆ حەیا و فێربوونە

پاشەڕۆژت هەر بەوان ڕوونە

کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە

خۆزگە بێکەس لا ژیان دەماو بە چاوی خۆی دەیبینی کە ئێستا ژنی کورد لە گشت بوارەکاندا، تواناکانی خۆیان خستۆتە گەڕ و بە کار و چالاکیەکانیان سەلماندوویانە ژنی کوردیش لە ژنی بێگانە کەمتر نییە وئەویش وەک پیاو دەتوانێ سوود بە کۆمەڵگا بگەیەنێت.

یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ئەمڕۆ لایەنی هونەرییە، لەم بوارەشدا ژن ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت، هەواڵی دامەزراندنی گروپی موزیکی کچانی ڕانیە لەسەر دەستی ژنە موزیککارێکی بە ئەزموون و بە توانای ئەم شارە هەموو لایەکی دڵخۆش کردووە.

بیرۆکەی ئەم گروپە لەلایەن خاتوو (ڕهێڵە جمال ڕەشید گەلاڵە)ەوە بوو بە هاوکاری مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بە تایبەتی مامۆستا هیوا مستەفا توانرا سەرەتای گروپەکە ڕابگەیەنرێت.

پاشان دکتۆرە ڕێزان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەدەست بەکاربوونی ئەم گرووپە، بە دابینکردنی شوێنێکی کاتی بۆ ئەنجامدانی پرۆڤەکانیان.

گروپی کچانی ڕانیە پێکهاتەی ئەو خانمە موزیک ژەنانەیە کە دەرچوو یاخوود خوێندکاری بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیەن و، هەندێکیان پێشتر ئەندامی ئەو تیپە موزیکیانە بوون کە لە ڕانیە هەبوون و دواتر کۆتاییان پێهات، لە ئێستادا ئەم گرووپە بریتییە لە (٢٠) ئەندام.

مامۆستا ڕەهێڵە جەمال جگە لەوەی سەرپەرشتیاری گروپەکەیە شانبەشانی هەر یەک لە (ڕەوشت حەسەن و شانۆ سەردار و نسار خدر) وەک ژەنیاری کەمانجە خزمەت دەکەن، خاتو (نامۆ

نزار)یش جگە لە ئامێری فلوت گۆرانیبێژیشە، (بەڕێز ئەحمەد و چرا چاپوک) ئەوانیش بە ئامێری فلوت، (استان عومەر) بە دەف و (ایمان عزیز) بە پیانۆ و (سابات حمید) بە ئامێری چەلۆ و (بۆکان عزیز) بە ئامێری بە ڤیۆلا و (ڕەوا هەژار) بە ئەمێری ئۆبوا و هەر یەکە لە خاتوونان (بێژان مەولود و ڕێژنە حەمید و چرا حەمید و ڕۆشنا احمد و باڵا قادر و دیدار نزار و بژار خدر و ژینە خان) وەک کۆرس لەو گروپەدا خزمەت دەکەن.

لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕانیە مامۆستا ڕەهێلە دەڵێ: هەر لە منداڵیمەوە خولیای هونەری لەگەڵما گەورە بوو، بیرۆکەی دامەزراندنی گروپی موزیکی کچانیش زۆر دەمێک بوو لام دروست ببوو، بەڵام زەمینە لەبار نەبوو، ئەمەش وای کرد درەنگ ئەو بیرۆکەیەم بخەمە لایەنی کردارەوە و بەمە درەنگ گروپەکە دروست ببێت، ئەمە خەوێکی لەمێژینەم بوو هاتەدی.

هەروەها ڕەهێڵە خان دەڵێ: هەوڵم داوە ژەنینی موزیکی گۆرانیەکانمان کوردانە بن و سیمای ڕەسەنێتیان پێوە دیار بێت دەمەوێت کارێکی وا بکەین خەڵکی کارەکانی ئێمە بە ئاسانی لە کاری تیپەکانی تر جیا بکەنەوە و لە هەر جێیەکی کوردستاندا هاولاتیەکی کورد گوێبیستی بەرهەمێکی ئێمە ببێت یەکسەر بزانێ ئەوە کاری گروپی کچانی ڕانیەیە، هەر وەک چۆن ئێستا کەسێک بە تەنیا ساتێک گوێ بیست بێت کاری تیپی مۆسیقای سلێمانی یان تیپی باواجی کۆیە دەناسێتەوە..

ڕەوشت حەسەن کە وەک کەمانچەژەن و گۆرانی بێژ لەو گروپەدا خزمەت دەکات لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کەچی بکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری گروپەکەتان؟ گوتی: تەقەللاکانی مامۆستا ڕەهێڵە ئێمەی کچانی ڕانیەی گەیاندە ئەوەی ببینە خاوەنی گروپێکی موزیکی تایبەت بەخۆمان پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هاوکارمانبن و ساردمان نەکەنەوە لەسەر کارەکانمان هەوڵبدەن ئەو گرفتانەمان بۆ چارەسەر بکەن کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم سەرکەوتنماندا خاتوو داستان عومەریش بە ڕووێکی خۆشەوە گوتی: موزیک هونەرێکی ناسکە ئێمەی کچانی ڕانیەش دەبێت ئەو ناسکی یە جوانتر لە هونەردا بەدی بکەین تا ناسکی و جوانی ببەخشین بە کارەکانمان و ئەندامانیش تۆکمەیی زیاتر بە گروپەکەیان ببەخشن[1].

---

[1] ئاشناو بابان لە گۆڤاری ڕانیە، ژمارە ١٤.

## باسی چوارەم: بەرهەمەکانیان

دەرکەون، دەرکەون
ڕۆژی نوێیە دەرکەون
بۆ سەر عەرشی مێژووی کورد
بە ئازادی دەرکەون
ڕیز بە ڕیز وەرنە دەر
وا ڕۆژ چاوی کردەوە
شاری ڕانیە سونبولە و
گڕی گرتووە ئازارمان
دەرکەون، دەرکەون
ڕۆژی نوێیە دەرکەون
بۆ سەر عەرشی مێژووی کورد
بە ئازاد دەرکەون

ئاواز هۆنراوە: سەرکەوت بورهان

بەنۆتەکردن: هێمن مۆفق



## سڵاو ئەی ڕانیە

سڵاو ئەی ڕانیە

شاری دەروازەی خەبات

بۆ ئایندەی کوردایەتی

ڕاپەڕینت کردە خەڵات

ئەی خاوەنی یەکەم گوللە و یەکەم سرود

شاری دەروازەی ڕاپەڕین درووود درووود

سەدان درووود سەدان درووود

گشت دارو بەردت زێڕ و گەوهەرن

لوتکە و پێدەشتت قەڵا و سەنگەرن

پیر و لاوت پێشمەرگەن و هەڵمەت بەرن

شەهیدانت تاجی سەرن

تاجی سەرن تاجی سەرن

ئاواز: ئومید میرە

تێکست: نیاز حەمە عەزیز

بەنۆتەکردن: هێمن مۆفق



**بەرخودان**

لای چەپی سینگی هەموومان کوردستانە
هێمای بوونە، هەناسایە، هیوای مانە
ئامانجمان ئازاد ژیان، ئازاد مردن
بەرەنگاری و بەرخۆدان لامان ژیانە

***

لیمانگەڕێن، چرۆی بوونمان مەژاکێنن
وازبێنن، خەندەی ژینمان مەتۆرێنن
ڕێگە بدەن وەکو مرۆڤ بژین، بمرین
تاکو کەی ئازار بچێژین، چاومان بسڕین

***

نیشانەی ڕاش و تاریکی کام سەردەمەن
جانەوەری مەرگ هێنی کام زەمەنەنن
ئەهریمەنی کام ئاسمانن، بڕۆن، بڕۆن
ئاشوبگێڕی کام بیابانن ئێوە نامۆن

***

هەتا کەی دەست لە گەروومان بەرنادەن
سەد هێندەش بن قەت ناخنکێین، بۆ کۆڵنادەن
کەی تێردەبن لە ئازاردانی گیانمان
کەی بێ بشکێ، تینوێتی ڕق و کینەتان

***

لای چەپی سینگی هەموومان کوردستانە
هێمای بوونە هەناسەیە هیوای مانە
ئامانچمان ئازاد ژیانە، ئازاد مردن
بەرەنگاری و بەرخودان لامانە ژیانە

سروود: هێرش ڕسوڵ

ئاواز و دابەشکردنی: هیوا مصطفی

## بەرخودان

**Awaz:Hiwa Mustafa**
**Honrawa : Hersh Rasul**



## بەرخودان



Violin 1

# سرودي 5 ي ئازار

D Major

**Awaz w dabash krdn:**
Hiwa mstafa

Text :Nyaz Hama Aziz
Banotakrdn:Hemn Mofaq

hemnkaman@gmail.com



# بەشی چوارەم

## دەرئەنجام

## ڕاسپاردە

## لیستی سەرچاوەکان

## چاوپێکەوتنەکان

## بەشی چوارەم

## دەرئەنجام

لە دوای گەڕانی توێژەر بە دوای سەرچاوەکاندا لەسەر ئەم بابەتە و لە ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندان، مامۆستایان و لایەنی پەیوەندیدار، تویژەر گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لە میانەی تویژینەوەکەدا دەرکەوت کە هونەری موزیک لە ساڵانی (١٩٦٠ز) وە لە شاری ڕانیە دا هەبووە. لە ساڵانی دواتردا پتر بەردەوامی هەبووە و پێشکەوتنی بو خۆیەوە بینیوە.
2. ئەو خولە موزیکانەی ساڵانە لە ناوچەکەدا دەکرانەوە، هاندەرێک بوون بۆ گەشەی هونەری موزیک و ڕێژەیەکی زۆر لە فێرخوازانی کوڕ و کچ بەشدارییان تێدا دەکرد.
3. پەیمانگای هونەرە جوانەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لە پێگەیاندنی موزیکژەناندا.
4. لە شاری ڕانیەدا موزیک بەهۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە، لە شێوازی فۆلکلۆریەوە گۆڕا بۆ شێوازێکی ئەکادیمی و کلاسیکی.
5. جوڵەی موزیک هەمیشە لە شاری ڕانیە هەبووە و پێشکەوتوە.
6. جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان شێوازی موزیکی پێش ڕاپەڕین و ئێوازی موزیکی دوای ڕاپەڕین، کە لە میانەی توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو.
7. کاردانەوەی خەڵکی ناوچەکە بەرامبەر بە چالاکیەکانی موزیک زۆر باش بوو، هەمیشە هاندەر و پشتیوان بوون.
8. لایەنی حکومی و پارتەکان لە شاری ڕانیە، هاوکاری هونەرمەندان و هونەر دۆستان بوون.

## ڕاسپاردە

لە ئەنجامی گەڕان و بە دواداچونی تویژەر لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی بۆ دەرکەوت کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکات، وەک ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی حوکمەت و لایەنی پەیوەندیداری دەکات.

1. وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستە پتر ئاوڕ لە هونەرمەندانی ناوچەی شارۆچکەکان بداتەوە، چونکە کۆمەڵێک هونەرمەندی باشی تێدا هەڵکەوتووە، شارۆچکەکان کەمتر دەستیان بە ئامرازەکان دەگات بۆ پەرەپێدان، هەر بۆیە پێویستە ئەم کارەیان لە ڕیگەی وەزارەتەوە بۆ ئاسان بکرێت.
2. پێویستە نۆتە و ئاوەزەکانی هونەرمەندان بە ئەرشیف بکرێت و چاپکریت، بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بپارێزرێت و وەک ئەرشیف بمێنیتەوە. تویژەر لەم توێژینەوەیەدا نۆتەی ئاوازەکانی زۆر بە سەختی دەست کەوتووە، چونکە هەندێک لەوهونەرمەندانە لە ژیان نەماون، هەندێکی دیکەیان کارەکانیان بە گوێ ئەنجام داوە و ژەندووە.
3. ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندان لە ڕێگای تۆمارکردن و کلیپکردنی بەرهەمەکانیان.
4. ئەرشیفکردنی بەرهەمی هونەرمەندان و بەرز ڕاگرتنیان.
5. دابینکردنی شوێن و سەنتەری پێویست و ئەکادیمی بۆ ئەنجامندانی کاری هونەری.
6. دابینکردنی ئامێریی پێویست و ستۆدیۆی پێشکەوتوو بۆ تۆمارکردنی کاری هونەری.
7. زیاد کردنی ناوەندکان و خولەکانی فیرکردنی هونەری موزیک و ڕیگا خۆشکردن بۆ هاندانی خەڵک.

# لیستی سەرچاوەکان


1. سەرکەوت بورهان، هونەری موزیک لە لاپەرەکانی مێژووی ڕانیەدا، گۆڤاری ڕانیە، گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژمارە (٥)، ئابی٢٠٠٣.
2. سەرکەوت بورهان، هونەری موزیک لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕانیەدا، گۆڤاری ڕانیە، گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژمارە (٧)، ئازاری٢٠٠٤.
3. سەرکەوت بورهان، هونەری موزیک لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕانیەدا، گۆڤاری ڕانیە، گۆڤارێکی وەرزی گشتییە، ژمارە (٩)، ئەیلول٢٠٠٤.
4. سەرکەوت بورهان، هونەری میوزیک لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕانیەدا، گۆڤاری ڕانیە، گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژمارە (11)، ئازاری٢٠٠٥.
5. م. هەوکار محێدین، بەهرەمەند، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ڕانیە ، ژ١٦، حوزەیرانی ٢٠٠٦.
6. دلێر عبدالخالق، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە لە بەسەرکردنەوەیدا، ڕانیە گۆڤارێکی وەرزی گشتیە، ژ (٨)، حوزەیران ٢٠٠٤.
7. ڕەوەند محمد، گۆڤاری ڕانیە لە ژوان خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیەدا، ڕانیە گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژمارە (6)، حوزەیرانی ٢٠٠٦.
8. حەبیب بابان، سەرەتاکانی خوێندنی کچان لە ڕانیە، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ڕانیە، ژمارە (١٦)، حوزەیران ٢٠٠٦.
9. گۆڤاری ڕانیە: گۆڤارێکی وەرزی گشتتیە، ژمارە (٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٨.
10. ئاشناو بابان لە گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٤).
11. کاردۆ سەردار، تیپی موزیکی جامپەر، ئۆرکسترای ڕانیە، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژمارە (١٦)، حوزەیرانی ٢٠٠٦.

## چاوپێکەوتنەکان

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ (هیوا مستەفا)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕانیە ئێستا بەروێوبەری کاروباری هونەریە لە ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.
2. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەهێڵە جەمال)، مۆسیقاژەن دامەزرێنەری گروپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەی ئاکۆی بنەڕەتی، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/١٤.
3. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەرکەوت بورهان)، مۆسیقاژەن، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕابوون ئێستا معیدە لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕانیە ٢٠٢٢/١١/٧.
4. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەنج ڕەسوڵ) مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی مۆسیقای کازیوە ئێستا مامۆستایە لە بەشی یاسا زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٣.
5. چاوپێکەوتن لەگەڵ (هاوکار محێدین)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی نەوا ئێستا سەرۆک بەشی مێژوو لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٥.
6. چاوپێکەوتن لەگەڵ (إبراهیم خدر)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی نەوا ئێستا بەڕێوبەری بەشی موزیک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١١/١٠.
7. چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ئەنوەر ڕەسوڵ)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی مۆسیقای کازیوە ئێستا بەرێوبەری کار و باری هونەری لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/١٣.
8. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕەوشت حەسەن)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی کچانی ڕانیە ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/٢٨.
9. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سیامەند محمد)، مۆسیقاژەن ئەندامی تیپی ئۆرکێسترای ڕانیە ئێستا بەڕێوبەری باخچەی منداڵانی هێرۆیە لە سەروچاوە، سەروچاوە، ٢٠٢٢/١٢/١٨.
10. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کوردۆ سەردار)، مۆسیقاژەن ئەندامی گروپی یارسان ئێستا لە بەڕێوبەرایەتی چالاکی ڕۆشنبیری زانکۆی ڕاپەڕینە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٢/٨.
11. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (کاردۆ سەردار)، مۆسیقاژەن ئەندامی گروپی یارسان ئێستا مامۆستایە لەپەیمانگای تەکنیی کۆیە، ڕانیە، ٢٠٢٢/١٠/٥.